# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:
پ.د. کاروان عومەر قادر
بەڕێوەبەری نووسین:
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-
- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520-4106
http;//gov.krd/ka

# مێژوو و شوێنەواری کۆنترین قوتابخانە لە زاخۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنی

پ. د. عەبدوڵا خورشید قادر
بەشی شوێنەوار/کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین
abdullah.qader@su.edu.krd

پ. ی. د. زیاد ئەحمەد محەمەد
بەشی شوێنەوار/کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین
ziyad.mohammed@su.edu.krd

جەمال جەمیل ئەسعەد
بەشی شوێنەوار/کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەڵاحەدین
Jamaljameel197@gmail.com

**پوختە:**
بینای ئەم قوتابخانە یەکێکە لە قوتابخانە کۆنەکان، کەوتووەتە ناوەندی شاری زاخۆ. بە پێی توێژینەوەکان، بیناکە لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشە کۆنەکەی بینای شوێنەواری قشلەکەیە، بەشەکەی تری کەلەپوورییە، لە کاتی کردنی بە قوتابخانە بۆی زیاد کراوە و بووە بە بەشێک لە مێژووی بیناکە. لە لایەن خەڵکی زاخۆوە وەکوو ناوەندیکی پێگەیاندنی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی شارەکە دادەنرێت، بۆیە بیر لە نۆژەنکردنەوەی کراوە. ساڵی ٢٠٢٠ بودجەی بۆ تەرخان کراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بە شێوەیەکی زانستی کاری نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی بۆ کراوە بە چەند قۆناغێک، بەڵام نەتوانراوە بە تەواوی هەموو قۆناغەکانی جێبەجێ بکرێت.
ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر گرنگی و ڕۆڵی بیناسازی لە شاری زاخۆ، ئەوەش دەزانرێت کە بینا شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی شارەکە هەڵگری بەهای هونەری و جوانکاری و مێژوویی و شارستانین. ڕەنگە بینا شوێنەوارییەکان هەڵگری هیچ نووسراو و نەخش و ڕازاندنەوە و نیگارێک نەبن، بینایەکە سادەش بێ؛ نوێنەرایەتیی بەهایەکی زانستی و ڕۆشنیریی ڕابردوو دەکات. ئامانج لە نۆژەنکردنەوەی بینا کۆنەکان، دەرخستنی جوانکاری و هونەر و مێژووی ئەم شوێنەوارانەیە، هەروەها پاراستنیان بە پێی یاسا پەسەندکراوەکە لە لایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. لە ئاستی جیهان چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی هەن دەربارەی کاری نۆژەنکردنەوە و چاککردن و پاراستنی، وەک جاڕنامەی "فینیسیا"ی ساڵی ١٩٦٦ی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی بینا شوێنەوارییەکان وەک یەکێک لە کارە زانستی و پسپۆڕییە دیاریکراوەکان، ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی کە کارەکانی نۆژەنکردنەوەی بینا شوێنەوارییەکان ڕێکارگەلێکن پەیوەندییان بە ماددەی دێرین و هەڵگری توخمە هونەری و جوانکارییەکانەوە هەیە، پێویستە لە شێواز و هێڵکارییەکەی خۆی تێبگەین و ڕەگەزەکانی شی بکەنەوە.

**ئـەم توێژینەوەیـە ڕۆڵێـکی گرنگـی دەبـێ لـە سـنووری شـاری زاخـۆ، چونکـە خـاوەنی پاشـماوەی جۆراوجـۆری بیناسـازییە، لـە ئێسـتادا پێویسـتی بـە کاری نۆژەنکردنـەوە و پاراسـتن و شـیکردنەوە و خسـتنەڕووی هەیـە وەک شـوێنێکی شـوێنەواری و گەشـتوگوزاری.**

**کلیلەوشەکان: زاخۆ، قوتابخانەی "ئەحداث"، بیناسازی، نۆژەنکردنە، پاراستن**

**گرنگیی توێژینەوە**

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لـە ژێـر ناونیشـانی قوتابخانـەی "ئەحـداث"، مەبەسـت لێـی نۆژەنکردنـەوە و چاککردنـەوە و پاراسـتن و لەناوچوونـی بینـای قوتابخانەکەیـە:

شـاری زاخـۆ یەکێکـە لـە شـارە زینـدووەکانی هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕووی شـوێنەواری و مێژوویـی و شارسـتانی، هەروەهـا شـوێنێکی گرنگـی ئابـووری و گەشـتوگوزاری هەیـە، بـە تایبـەتی لـە ڕووی بیناسـازیی شـوێنەواری و کەلەپوورییـەوە، لـە کۆنـەوە بەناوبانـگ بـووە بـە بیناسـازیی مزگـەوت و کڵێسـە و کەنیشـتە و خانـووی دانیشـتووان و گومەزیـی سـەر گـۆڕەکان و بـازاڕ. پاراسـتنی شـوناسی بیناسـازیی شـارەکە لـە هەمـوو لایەنەکانـەوە وەک زیندوومانەوەیـەکی ڕابـردووی شـارەکە وایـە. هـەر چەنـد لـە ڕابـردوودا چەندیـن لایـەنی گرنگـی ئـەم شـارە خراوەتـە ڕوو، وەکـوو لایـەنی مێژوویـی و جوگرافیـا و ئابـووری و ڕۆشـنبیری و ئایینـی و کۆمەڵایـەتی لـە ئیسـتا و ڕابـردوودا، لـە چەنـد توێژینەوەیـەکی ئەکادیمـی (دکتـۆرا و ماسـتەر)، ئـەوەی گرینگـە هیـچ توێژینەوەیـەک لـە سـەر نۆژەنکردنـەوەی و چاکـردن و پاراسـتنی بیناسـازییەکەی ئەنجـام نـەدراوە. گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیـە لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە دەبێتـە هـۆی پاراسـتنی بینـا شـوێنەواری و کەلەپوورییـەکانی شـارەکە، بـە تایبـەتی گرنگیـی زۆری دەبـێ بـۆ ناوچـەکانی تـری کوردسـتان، چونکـە شـارەکە تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە لـە ڕووی بیناسـازی و کەرەسـتەکانی لێـی دروسـت کـراون.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکـە پێـک دێـت لـە سـێ لێکۆڵینـەوە، یەکیـان بـاس لـە شـوێنی جوگرافیـا و سـەرچاوە مێژووییـەکانی شـاری زاخـۆ دەکات لـە سـەردەمی ئیسـلامدا، بـە تایبـەتی لـە ڕووی بیناسـازییەوە. لـە لێکۆڵینـەوەی دووەمـدا بـاس لـە پێکهاتـەکانی قوتابخانەکـە کـراوە لـە ڕووی هێڵـکاری و ڕەگـەزەکانی بیناسـازی و شـێوەی دروسـتکردنی قوتابخانەکـە لەگـەڵ ئـەو کەرەسـتە بیناسـازییانەی تێیـدا بـەکار هاتـووە. لـە لێکۆڵینـەوەی سـێیەمدا هـۆکارەکانی لەناوچـوونی بەشـێکی قوتابخانەکـە لەگـەڵ پـلان و نۆژەنکردنـەوە و چاکـردن و پاراسـتنی و دووبـارە بەکارهێنانـەوەی قوتابخانەکـە بـە تـەواوەتی شـەنوکەو کـراوە.

**ڕێبازی توێژینەوە**

ئـەم توێژینەوەیـە و دەرئەنجامـەکانی بـە شـێوەیەکی زانسـتی و مەیدانیـی شـیکاریی دروسـت کاری بـۆ کـراوە، بـۆ ئـەوەش دوو بنەمـای کارکـردن پەیـڕەو کـراوە: بنەمـای یەکـەم، کۆکردنـەوەی بەڵگـەکانی تایبـەت بـە دروسـتکردنی قوتابخانەکـە. پێشـتر بەشـێک لـە بیناکـەی هیـی قشـلەی زاخـۆ بـوو، لەگـەڵ بەشـەکانی تـری کـە لـە سـەرەتای کردنـەوەی قوتابخانەکـە دروسـت کـراوە. بنەمـای دووەمـی توێژینەوەکـە بـە شـێوەی مەیدانیـی شـیکاری ئەنجـام دراوە و سـەرجەم لایەنـەکانی توێژینەوەکـە بـە شـێوەی مەیـدانی خراونەتـە ڕوو.

**سەرچاوەی توێژینەوە**

بـۆ ئامادەکـردنی ئـەم توێژینەوەیـە پشـت بەسـتراوە بـە سـەرچاوە زانسـتییە باوەڕپێکـراوەکان بـە زمانـە جیـاوازەکان کـە لـە سـەری بـاس کـراوە، لەگـەڵ ئـەو بەڵگانـەی کـە وا لـە لایـەن بەڕێوەبەرایەتییـەکانی حکومـی بەسـوود بـوون لـە توێژینەوەکـە خراوەتـە ڕوو. سـەرچاوەی سـەرەکیی توێژینەوەکـە بیناکـە خـۆی بـوو، بـە شـێوەی میـدانی ئەنجـام دراوە.

**١. کورتەیەک لە جوگرافیا و مێژووی زاخۆ**

شـارۆچکەی زاخـۆ دەکەوێتـە سـەر هێڵـی پانیی (٣٧,٩) پلـە و

هێڵـی درێژیـی (٤٢,٤١) پلـە، لـە سـەر ئاسـتی ڕووی دەریـاوە (٤٥٠م) بـەرزە. ڕووبـەری گشـتیی زاخـۆ (١٤٥٣) کیلۆمەتـر چوارگۆشـەیە (شـیخو، ٢٠١٤، ٢٨). زاخـۆ دەکەوێتـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، لـە ڕووی کارگێڕییـەوە ناوەندێـکی کارگێڕیـی سـەربەخۆیە، لـە باکووریـەوە وڵاتی تورکیایـە و لـە ڕۆژئاوایـەوە دەشـتی سـندییە، لـە ڕۆژهەڵاتیـەوە شـارۆچکەی ئامێدییـە و لـە باشـووریەوە شـارۆچکەی سـێمێلە (صالـح، ٢٠١٦، ٢٨).

زاخـۆ لـە ناوچەیـەکی شـاخاویدا هەڵکەوتـووە لـە نێـوان دوو زنجیرەچیـادا، لـە باکووریـەوە چیـای جـودی و لـە باشـووریەوە چیـای کـودی (الهاشـمی،١٩٣٦، ٢٤-٢٥)، ڕووبـاری خابـوور بـە ناوەڕاسـتی شـارەکەدا دەڕوات کـە سـەرچاوەکەی لـە کوردسـتانی باکـووره (طـه، ٢٠٠٨، ١١). لـە وەرزی زسـتاندا ئاووهـەوای سـارد و باراناوییـە، لـە هاوینـدا پلـەی گەرمیـی بـەرزە. ئـەم جیاوازییـە لـە پلـەکانی گەرمی، کاریگەریـی لـە سـەر هەمـوو لایەنـەکان کـردووە بـە تایبـەتی بیناسـازی (طـه، ٢٠٠٨، ١٦-١٨). تێکـڕای پلـەی گەرمیـی سـاڵانە لـە نێـوان (٢٠-٥١) پلـەی سـیلیزییە و ڕێـژەی تێکـڕای بـارانی سـاڵانەی بـە (٥٣١,٥ملـم) دانـراوە (طـه، ٢٠٠٨، ٢٨).

گرنگتریـن چیایەکانـی زاخـۆ چیـای بێخیـرە، کـە درێژکـراوەی چیـای سـپییە لـە نێـوان زاخـۆ و ڕێـڕەوی ڕووبـاری خابـوور. لـە باکووریـەوە هاوسـنووره لەگـەڵ دەشـتی سـندی، لـە باشـووریەوە هاوسـنووره لەگـەڵ دەشـتی سـلیڤانی. تێکـڕای بەرزییەکـەی (١٢٢٠م)ە (فتـاح، ١٩٧٠، ٦٦-٦٧).

بـە هـۆی هەڵکەوتـەی شـارەکە، چەندیـن ڕووداوی مێژوویـی گرنـگ لـەو سـنوورە ڕوویـان داوە. یەکێـک لـە ڕووداوە مێژوویـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (٤٠١پ. ز)، کـە (١٠) هـەزار سـەربازی بەکرێگیـراوی یۆنانـی لـە کاتـی پاشەکشـەکردنیان بـە دەربەنـدی زاخـۆدا تێدەپـەڕن، بـاس لـە ڕێگایەکـە دەکـەن، بـە ڕێڕەوێـکی سـەخت و تەسـک نـاوی دەبـەن، لـە لایـەن خەڵـکی ناوچەکـەوە تـووشی بەرگرییـەکی سـەخت بوونەتـەوە کـە پێیـان دەگوترێـت کاردۆخییـەکان. دوای تێپەڕبـوون بـە دەربەندەکە، گەیشـتینە شـاری "طرابـزون" (بـك، ١٩٣٦، ١١٥)، کـە دەکاتـە شـاری زاخـۆی ئێسـتا.

لـە سـەرچاوە ئیسلامییەکاندا نـاوی زاخـۆ بـە "الحسـينة" یـان "الحسـنيه" هاتـووە. "طـبری" لـە پەرتـووکی "تاريـخ الرسـل والملـوك"، لـە سـاڵی (٣١٠ک/٩٢٣ز) بـاس لـە هێرشـی خەلیفـەی عەباسـی (المعتضـد باللـه) دەکات بـۆ سـەر شـاری حوسـێنیە و گرتنـی شـار و قەڵایەکـەی وێرانکـردن و تاڵانکـردن و بـردنی هەمـوو کەلوپەلەکانـی نـاو قەڵایەکـە (الطـبری، ١٩٨٦، ٧).

یاقـووتی حەمـەوی لـە "معجـم بلـدان"دا دەڵێـت دوورگـەی ئیـبن عومـەر لەگـەڵ سـەرجەم ئـەو شـار و شـارۆچکە و گوندانـەی کەوتوونەتـە سـەرووی و ڕۆژهـەڵاتی شـاری موسـڵ؛ دانیشـتووانەکەی کـوردن، پێیـان دەڵێـن هـەکاری (الحمـوی، ١٩٧٧، ٤٠٨)، ئـەوەش نیشـانەی ئەوەیـە لـە سـەرەتای بڵاوبوونـەوەی ئایینـی ئیسـلامدا شـاری زاخـۆ بەشـێک بـووە لـە ناوچـەی هـەکاری.

سـەرچاوە عەرەبییـە ئیسـلامییەکان شـوێنی شـاری حسـينيەيان بـە دیاریکـراوی دەسـتنیشـان کـردووە، لـە باکـووری ڕۆژهـەڵاتی شـاری موسـڵ هەڵکەوتـووە بـە دووریـی (١١٤کـم). ئـەو نـاوە لـە لایـەن زۆربـەی مێژوونووسـە موسـوڵمانەکانەوە بـەکار هێـنراوە (هـروری، ٢٠٠٥، ٤٥)، کـە دەکاتـە شـاری زاخـۆی ئێسـتا.

لـە سـەردەمی عەباسـییەکاندا بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن شـارەکانی جزیـرە (ئیـبن عومـەر) دانـراوە، بـە ڕێژەیەکـی بـاش پێشـکەوتنی بەخۆیـەوە دیـوە لـە بـواری زانسـت و ڕۆشـنبیری و شارنشـینی (العبـاسی، ١٩٧٨، ٤).

سـاڵی (٣٧٣ک/٩٧٧ز) فەرمانـدە "بـاذ الكـردي" کـە نـاوی ئەبـو عەبـدوڵا حسـێن بـن دۆسـتەکە، دامەزرێنـەری میرنشـینی دۆسـتەکییە، یەکێـک بـووە لـە کوردەکانـی "حەمیدیـە"، توانیـی شـاری زاخـۆ بخاتـە ژێـر فەرمانڕەوایـی خـۆی. لـە سـەرەتاوە خـاوەنی شـاری مایافارقـین بـوو، دواتـر توانیـی بەشـێکی زۆری سـنوورەکانی دیاربەکـر و شـاری نەسـیبین بگرێـت. بۆیـە "الصمصـام الدولـة"ی شـاری موسـڵ سـوپایەکی زۆری بـە سـەرکردایەتیی "ئەبـا القاسـم سـەعد بـن محمـد الحاجـب" نـارد بـۆ پێشـگرتن لـە قەڵەمڕەویـی مـیر "بـاذ"، هـەردوو سـوپا لـە باجلایـا لـە "الحسـینیه"ی خابـوور لـە وڵاتـی "الكواشـی" کـە دەکاتـە شـاری زاخـۆ، بـە یـەک گەیشـتن و شـەڕێکی توندیـان کـرد، لـە ئەنجامـدا "سـەعد" و هەوڵـەکانی شکسـتیان هێنـا. مـیر "بـاذ" توانیـی دەسـت بەسـەر بەشـێکی

زۆری قەڵەمڕەوی دەیلەمەکاندا بگرێت، لە ساڵی (٤٣٢ك/ ١٠٤١ز) شاری موسڵی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی (ابن اثیر، ١٩٨٧، ٤١٥-٤١٦).

شاری زاخۆ کەوتە بەر هێرشی "الغز" (غەزنەوییەکان)[1]، دوای ئەوەی توانییان لە ساڵی (٤٣٠ك/ ١٠٣٩ز) دەست بەسەر ئەرمینیادا بگرن، سوپایەکیان کۆ کردەوە و هێرشیان هێنا بۆ سەر ناوچەی کوردانی هەکاری کە سەر بە شاری موسڵ بوو، توانییان کوردەکان بکوژن و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا بگرن. کوردەکان خۆیان کۆ کردەوە لە چیا سەخت و بەرز و بەرتەسکەکان و لەگەڵ "الغز" کەوتنەوە شەڕ، زۆر بە توندی توانییان هەزار و پێنج سەد لە پیاوەکانیان بکوژن و حەوت لە شازادەکانیان بە دیل بگرن لەگەڵ سەد کەس لە پیاوماقوڵە دیارەکانیان. توانییان بڵاوە بە سوپاکەیان بکەن، تا لە ساڵی (٤٣٣ك/١٠٤١ز) ی سوپاکەیان لە چیای زۆزان کۆ کردەوە و چوونە پاڵ "ئیبراهیم ینال" برای "تۆغرالبەک" و بەرەو جەزیرەی ئیبن عومەر ڕۆشتن، توانییان قردی و زاخۆ (الحسینیه) و فیشابوور تاڵان بکەن (الموصلی، ١٩٢٣، ١٣٧).

مێژوونووس بەدلیسی شاری زاخۆی بە سندی دیاری کردووە. سنووری سندی دەکەوێتە باشووری ناوچە شاخاوییەکانی جەزیرەی بۆتان، ئەو ناوچەیەی ئێستا بە ئیدارەی زاخۆ ناسراوە. هەروەها باسی دەسەڵاتی شارۆچکە و قەڵاکانی زاخۆ دەکات پێش فەرمانڕەوایی میرنشینی بادینان بە ویلایەتێکی سەربەخۆ لە سەردەمی دەسەڵاتداریی تورکمانەکانی قەرەقۆینلۆ و ئاققۆینلۆ (بدلیسی، ١٩٥٣، ١٤٠).

لە ساڵی (٩٠٦ك/١٥٠٠ز)، دوای ئەوەی میر حەسەن میری میرنشینی بادینان توانیی دەسەڵاتەکانی سوڵتانەکانی "ئەقۆینلو" لەم ناوچەیە بنبڕ بکات، چووە لای شا ئیسماعیلی سەفەوی بە چەپڵەلێدان و شەرەف پێشوازیی لێ کرا، پاشان دەستی کرد بە فراوانکردنی سنووری میرنشینەکەی (بدلیسی، ١٩٥٣، ١٤١). یەکەمین شوێن قەڵای دهۆکی خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی کە لە لایەن هۆزی "داسنی"یەوە بەڕێوە دەبرا، هەروەها ناحیەی سندی (زاخۆ)ی خستە سەر میرنشینەکەی، پێشتر لە لایەن هۆزی سندی وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ بەڕێوە دەبرا، ئەو شوێنانەی لکاند بە ناوەندی میرنشینەکەیەوە لە ئامێدی (بدلیسی، ١٩٥٣، ١٤١). شاری زاخۆ بەم شێوەیە مایەوە تا ڕووخانی میرنشینەکە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەکانەوە. لە ساڵی (١١٥٥ و ١١٥٦ك/١٧٤٢ و ١٧٤٣ز)دا زاخۆ و گوندەکانی دەوروبەری بە تەواوی لە لایەن نادر شاهەوە وێران کرا و دەستی بەسەردا گیرا (ئامیدی، ٢٠٠٠، ١٨٥). دوا میری میرنشینی بادینان "ئیسماعیل پاشای دووەم کوڕی محەمەد تەیار" بووە، لە نێوان ساڵانی (١٢٤٧-١٢٥٨ك/١٨٣١-١٨٤٢ز)دا میرنشینەکەی بەر هێرشی دەوڵەتی عوسمانی کەوت بە سەرکردایەتیی "محەمەد پاشا بریقەدار"، لە ساڵی (١٢٥٨ك/١٨٤٢ز) دەوری شاری ئامێدیی گرت، میر ئیسماعیل خۆی بەدەستەوە دا و لەگەڵ خێزانەکەی ڕەوانەی شاری بەغدا کرا. کۆتایی بە میرنشینی بادینان هات (ڕۆوف، ٢٠١٥، ٦١-٦٩). شاری زاخۆش تا ساڵی (١٨٤٢ز) بەشێک بوو لە میرنشینی بادینان، ئەو ساڵەش بە ساڵی ڕاستەوخۆی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان دادەنرێت تا هاتنی ئینگلیز بۆ شارەکە ساڵی ( ١٩١٨ز) (الرزڤانی، ٢٠١٦، ٩٨).

### ٢. مێژووی قوتابخانەی "ئەحداث"

قوتابخانەی "ئەحداث" دەکەوێتە شاری زاخۆ، شارەکە وەک یەکێک لە شارە مێژووییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری شوێنەوار و بینای کەلەپووریی تێدایە، هەریەکێکیان بۆ سەردەمێکی جیاواز دەگەڕێتەوە. هەندێک لەو شوێنەوارانە بریتین لە پرد، قوتابخانە، قەڵا، قشلە، مزگەوت، کڵێسە، کنیشتەی جوولەکان، بازاڕی کۆن،

---

١. "الغز" لە گەلانی تورکدا بوون، لە مەفازەی بوخاری بڵاو بوونەوە، سەر بە دەوڵەتی سبکتکین بوون. پاشان لە سەردەمی سوڵتان مەحموود بن سبکتکین زۆر بوون و وڵات لێیان بێزار بوو، بۆیە دەستیان کرد بە خراپەکاری و تاڵانکردن. سوڵتان مەحموود کوڕی سبکتکین گەورەکەکانی تاڵان کرد، لە وڵات دەریکردن، بەسەر دەوروبەری خۆیان بڵاو بوونەوە، لە ساڵی (٤٢٠ك) شاری ئەسفەهانیان داگیر کرد و هۆزێکی تریان چوونە چیای بکجار لە خوارازم، وە هۆزێکی تریان دەستیان بەسەر ئەزربایجاندا گرت، لە ساڵی (٤٢٨ك/١٠٣٧ز)دا مەراغیان داگیر کرد، لە ساڵی (٤٢٩ك/١٠٣٨ز) دەستیان گرت بەسەر ناوچەی کوردانی هەزبانی و تاڵانکارییەکی زۆریان کرد (محمد، نیشتمان بشیر، الکرد والسلاجقة، أطروحة دکتوراه، غیر منشورة، جامعة صلاح الدین، کلیة الاداب، ٢٠٠٠، ص١٢٧).

گۆڕستانی مێژوویی و گەڕەکی کەلەپووری (قادر و یاسین، ٢٠٢٢، ٢٧).

بوونی قوتابخانە لەو شارەدا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و زانستی و هونەری و ئەدەبی لەو ناوچەیە، ئەم ڕۆڵە گرنگەی شارەکە بۆ مێژووی کردنەوەی یەکەم قوتابخانە دەگەڕێتەوە کە چەندین بەڵگە لە سەر کردنەوەی یەکەمین قوتابخانە لە شارەکە هەیە، هەموویان کۆکن لە سەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان. لە ساڵی (١٨٩٨ز)دا قوتابخانە کراوەتەوە، خوێندن تێیدا بە زمانی تورکی بوو (النجار، ٢٠٠٢، ١٣٤).

بینای قشلەی زاخۆ لە سەردەمی میرنشینی بادینانـدا بەشێک بووە لە قەڵەمڕەوی میرنشینەکە، ناوەندێکی گرنگی کارگێڕی بووە تا ڕووخانی لە سەر دەستی ئیمپراتۆریەتی



وێنەی (١) وەرگیراوە لە ئەرشیفی خاتوو گێرترودبێڵ

عوسمانی لە ساڵی (١٨٤٢) (حسن، ٢٠١٧، ١٠٧٠). گەڕیدەی کورد "طه الكورد الباليساني" لە ساڵی (١١٥٦ک/١٧٤٣ز)دا سەردانی شاری زاخۆی کردووە، باسی قەڵاکەی کردووە، بنکەیەکی بەڕێوەبردنی میرنشینی بادینان بووە، گەشتەکەش لە سەردەمی میر حەسەن کوڕی ئەمیر سەیفەدیندا بووە، لە قەڵاکە هاتووەتە خوارەوە پێشوازیی لێ کردووە (الباليساني،٢٠٠٧، ص٥٢). دوای ئەوەی عوسمانییەکان بە تەواوی کۆنترۆڵی شارەکەیان گرتە دەست، لە ساڵی (١٨٩٨) ی زایینی بەشێک لە بینای قشلەیان کردە قوتابخانە، ئەوەش بووە هۆی گۆڕینی جۆری بیناکە لە سەربازییەوە بۆ خزمەتگوزاری (النجار، ٢٠٠٢، ١٣٤).

قوتابخانەی “ئەحداث” لە بەشێکی قشلەی زاخۆدا کراوەتەوە، کەوتووەتە باکووری ڕۆژئاوای بیناکە، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری زاخۆ هێڵکاری بۆ سەرجەم بەشەکانی قشلە کراوە و بینای قوتابخانەکەش لەخۆ دەگرێت.

چەندین وێنەی کۆنی قوتابخانەی “ئەحداث” هەیە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسان و کەسایەتییەکانەوە گیراوە کاتێک سەردانی شارەکەیان کردووە، لەوانە گێرترود بێڵ (Gertrude Bell) چەند جارێک سەردانی شارەکەی کردووە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٠٩ز)دا چەندین وێنەی شوێنەوارییەکانی شارەکەی گرتووە، بە یەکێک لە باشترین بەڵگە وێنەییەکان دادەنرێت، وەک ئەرشیفێکی کۆنی شارەکە پارێزراوە لە زانکۆی نیوکاسڵی بەریتانی، لە ناو وێنەکاندا قوتابخانەی “ئەحداث”ی تێدایە ((Bell, 1909, archive.

لە یەکێک لە وێنەکاندا بینای قشلەی زاخۆ دەبینرێت، بووەتە شوێنێکی وێرانە و دواتر سوودیان لێ وەرگرتووە و کردوویانە بە قوتابخانە. وێنەکە بۆ ساڵی (1909ز) دەگەڕێتەوە، لە بەرزی گیراوە، تەنیا پاشماوەی دیوارەکانی ماوە و سەقفەکەی بە تەواوی لەناو چووە، باڵندەی لەقلەق هێلانەی لە سەر دیوارەکانی کردووە، نیشانەی ئەوەیە تەمەنی بیناکە کۆنترە لە قوتابخانەکە. (وێنەی(١) (Bell, 1909, archive)).

لە بەڵگەیەکی تردا ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە “کونراد برویشر” لە ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩١٩دا سەردانی شارەکەی کردووە، هەندێک وێنە و هێڵکاریی بیناکەی گرتووە و کێشاوە. لەگەڵ باسکردنی شارەکەدا دەڵێت: “کاتێک لە بەرزاییەکان هاتینە خوارەوە، خۆمان لە بەردەم دوورگەی زاخۆدا بینییەوە کە لە سەر تەپۆڵکەشاخێکی بەردی لە دەشتایی دروست کرابوو، ئەو شارەش شاری ‘ئەزوخیس’ی، کۆنەقەڵایەکی تێدایە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دوورگەکەوە. دوای ئەوەی ڕەزامەندیی قائیمقامی شارەکەم وەرگرت، سەردانی قەڵا وێرانەکەم کرد کە کەوتووەتە سەر گردێکی بەرز و بە سەر ڕووباری خابووردا دەڕوانێت. پێکهاتەی باشووری



وێنەی (٢) وەرگیراوە لە ئەرشیفی گێرترود بێڵ

قەڵاکە بە ڕوونی دیار بوو، بریتییە لە شوورە و تاوێرێکی زۆر گەورە، لە بەردی چوارگۆشە دروست کراوە. ئەو هێمایە بۆ گەورەیی قەڵاکە لە ڕابردووە، بەڵام بەشەکانی تری بە تەواوی نازانرێت چۆنە بە هۆی داڕووخانی بەسەر یەکدا. ئەو بەشە قەڵایەی دیارە، مێژووی بۆ سەردەمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە. لە سەر کەوانی یەک لە دەرگاکان نووسراوێک هەیە بە عەرەبی نووسراوە، باس لە مێژووی دروستکردنی دەکات (برویسر، ١٩٨١، ٣٨).

لە وێنەیەکی تری ڕۆژهەڵاتناس گێرترود بێڵدا قوتابخانەکە دیارە، مێژووی وێنەکە بۆ ساڵی (١٩٢٠ز) دەگەڕێتەوە کە بۆ جاری دووەم سەردانی شاری زاخۆی کردووەتەوە. لە وێنەکەدا مامۆستایان و قوتابییان و بەشێک لە بینای قوتابخانەکە دیارە، بەڵام ناوی قوتابخانەکەی نەهێناوە لە ئەرشیفەکەی، تەنیا نووسیویەتی قوتابخانەی زاخۆ. بە پێی ناوەرۆکی ئەم وێنەیە بێ، لە ناو بینای قشلەی زاخۆ و قوتابخانەی "ئەحداث" گیراوە. لە ئەنجامی بەراوردکردنی بیناکە، بۆمان ڕوون بووەتەوە زیادەڕۆیی کراوەتە سەر پەنجەرەی ئەو ژوورەی لە وێنەکەدا بەدیار کەوتووە، لە ئێستادا کراوە بە دەرگا (وێنەکان (٢)) (Bell, 1920, archive). هەر بە پێی ئەم بەڵگەوێنانە بێ، مێژووی بیناکە زۆر کۆنترە لە کردنەوەی قوتابخانەکە. لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١ز)، ناوی قوتابخانەکە کراوە بە قوتابخانەی زاخۆی یەکەم (اولى)، هەر لە ناو بینای قشلە بووە، دوای زۆربوونی ژمارەی قوتابییەکانی؛ چەند ژوورێکی تری بۆ زیاد کراوە (صالح، 2016، 44).

لە ساڵی (١٩٤٥ز)دا ناوی قوتابخانەکە گۆڕاوە بۆ قوتابخانەی زاخۆی "ئەحداث" (مدرسة زاخو للأحداث). قوتابخانەکە تا پۆلی چواری سەرەتایی تێکەڵاوی لەخۆ گرتبوو (سەعید حاجی سدیق رزڤانی، چاوپێکەوتن، ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٥، کاتژمێر (١٠)، مامۆستای خانەنشین، زاخۆ. خۆیشی یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ئەم قوتابخانەیە).

لە وێنەبەڵگەیەکی تردا کە مێژووی وێنەگرتنەکەی بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستی زایینی دەگەڕێتەوە، لە ناو وێنەکەدا مامۆستایەک و بەشێک لە قوتابخانەکە و تابلۆی قوتابخانەکە دیارە، نووسراوە "مدرسة زاخو للأحداث" (وێنەی (٣)). ناوی قوتابخانەکە بە "ئەحداث" مایەوە، هیچ گۆڕانکارییی بەسەردا نەهات تا لە ساڵی (١٩٦٢/١٩٦٣ز) ناوەکەی گۆڕا بۆ قوتابخانەی "عباسية"، لە ساڵی (١٩٦٧ز) دا جارێکی تر ناوەکەی گۆڕا بۆ قوتابخانەی زاخۆی سێیەم، تا لە کۆتاییدا ناوەکەی بووە قوتابخانەی "زۆزان" (رزڤانی، ٢٠١٦، ٤١).

ئەم قوتابخانەیە ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانیاری لە شارەکەدا، تا ئێستا خەڵکی شارەکە لە هزریاندا ماوە، بە پاشماوە بیناسازییەکەی دەڵێن شوێنەواری قوتابخانەی "الاحداث".

بیناکە لە شوێنەواری و کەلەپووری بەشە کۆنەکەی شوێنەوارە و بەشە زیادکراوەکەی بە کەلەپوور دادەنرێت بە پێی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)؛ یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان - عێراق، مادەی (١)، بڕگەی (٧)دا هاتووە هەر شتێک تەمەنی لە (٢٠٠) ساڵ زیاتر بێ؛ بە شوێنەوار دادەنرێت، کەمتر بێت؛ دەبێت بە کەلەپوور.

### ٣. پێکهاتەی بیناسازی

قشلەی زاخۆ لە سەرەتادا بۆ مەبەستی سەربازی دروست کراوە. بینا سەربازییەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایش و پاراستنی خەڵکی دەوروبەری قەڵاکان دروست دەکران، لە هەمان کاتدا ناوەندێکی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و خزمەتگوزارییش بووە بۆ خەڵکی شارەکان و پێگەیەکی گرنگی هەبووە (عبوش، ٢٠٠٤، ٤٧).

قوتابخانەی "ئەحداث"یش بەشێک بووە لە قشلەی




وێنەی(٣) ناوەی قوتابخانەی ئحداث –ئەرشیفی سعید رزڤانی



هێڵکاری(١) مدرسة زاخۆ للاحداث - بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارو کەلەپووری زاخۆ.

زاخـۆ، ڕووبەرێکـی کەمـتری لـە قشـلەکە داگیـر کـردووە.
قوتابخانــەی "ئەحــداث" لــە یــەک نهــۆم پێــک هاتــووە، شـێوەیەکی تـا ڕادەیـەک لاکێشـەیی هەیـە. بیناکـە لـە سـێ لا دروسـت کـراوە، باکـوور و باشـوور و ڕۆژهـەڵات، بـەڵام لـە ڕۆژئـاواوە حەوشـەیەکی کـراوەی هەیـە، لـە دوو بـەش پێـک دێـت، بـە هـۆی سروشـتی شـوێنەکەی کـە لـە سـەر گردێکـی بـەرز دروسـت کـراوە، بـەشی یەکەمـی دەکەوێتـە بەردەمـی ژوورەکان، بەرزتـرە لـە بەشـەکەی تـری حەوشـەکەی (هێڵکاریــی (١)).
بیناکـە دوو پەیـژەی تێدایـە، یەکیـان لـە دەرەوە دێتـە ژوورەوە، دەکەوێتـە باشـووری ڕۆژئـاوای بیناکـە، ئـەوی تریـان لـە نێـوان هـەردوو بـەشی حەوشـەکەی، لەگـەڵ (١٠) ژوور، (٨) ژووریـان دیـوارەکانی بـە تـەواوی مـاوە، دوو ژوورەکـەی تـری تەنیـا بناغەکـەی لـە ژێـر زەوی دۆزراوەتـەوە.
ئەسـتووریی دیـوارەکان دەگۆڕێـت بـە هـۆی زیادکردنـی چەنـد ژوورێـک دوای ئـەوەی بـوو بـە قوتابخانـە. بەشـە کۆنەکـەی بیناکـە ئەسـتووریی دیـوارەکانی (١،٢٠م) پانـە، لـە بەشـە زیادکـراوەکانی دیـوارەکان (٥٠سـم) پانـە، سـەرجەم بینایەکـە بـە سـتارەکەیەوە (٥م) بـەرزە. ئـەو بەشـانەی بـۆ بیناکـە زیـاد کـراوە، بـوون بـە بەشـێک لـە مێـژووی قوتابخانەکـە. بـە گوێـرەی وتـەی سـعید رزڤـانی، بینایەکـە سـێ سـەرئاوی هەبـوو، ڕووبـەری هەریەکەیـان (١م) چـوار گۆشـە بـوو، دەکەوتـە باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوای بیناکـە.

**٤. ڕەگەزەکانی بیناسازی**

**١. سەقف**

سـەقف یەکێکـە لـە ڕەگـەزەکانی بیناسـازی، زۆرتریـن کاریگەریـی دەرەکیـی لەسـەرە بـۆ لەناوچـوونی بـە هـۆی بـار و هێـز و فشـار لـە سـەر ئـەو کەرەسـتانەی کـە لێـی دروسـت کـراوە، یـان لەوانەیـە تووشـی زیـان ببێـت بـە هـۆی کـەش و ئاووهـەوا. ئـەو زیانانـەی بـەر سـەقف دەکەوێـت، دەبێتـە هۆکارێـکی یارمەتیـدەر بـۆ لەناوچـوونی ڕەگـەز و کەرەسـتەکانی تـری بیناکـە (المحـاری، ٢٠١٧، ١٨٤).
سـەقفی بینـای قوتابخانـەی "ئەحـداث" بـە دوو شـێوە دروسـت کـراوە، یەکیـان بـە شـێوەی ڕاسـت کـە پێـک هاتـووە لـە دار و خـۆڵ، ئـەوەی تریـان بـە شـێوەی چاتی. سـەقفە دار و خۆڵەکـە لـە کاریتـەی دار دروسـتکراو بـوو. هیـچ سـەقفێکی بـە تـەواوی نەمـاوە، هەمـووی داڕووخاوەتـە نـاو ژوورەکان، تەنیـا شـوێنەواری دارەکان بـە سـەر دیوارەکانیـەوە دیـارە (وێنـەی (٦)). هەروەهـا ئـەو سـەقفە دارە لـە سێ چین پێك هاتبـوو، چینـی یەکـەم لـە کاریتـەی دار و چینـی دووەم لـە پارچـەداری بچـووک ڕەیاڵـە کرابـوو بەسـەر کاریتـە دارەکان لەگـەڵ حەسـیری لـە قامیـش دروسـتکراو، چینـی سـێیەم خۆڵڕێـژکار بـوو، لـە کاتـی بارانبارینـدا پێویسـتی بـە پەسـتان هەبـوو بـۆ ئـەوەی دڵۆپـە نـەکات (رزڤـانی، چاوپێکەوتنـی پێشـوو، کاتژمێـر ١٠:٠٠ی بەیـانی، ٢٠٢٠/١١/١٠).

**٢. حەوشە**

قوتابخانەکـە حەوشـەیەکی گـەورەی هەیـە دەکەوێتـە بەردەمـی ژوورەکان، لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە. بـە هـۆی هەڵکەوتـەی

سروشتی زەوییەکەی، لە سەر گردێکی بەرز و لێژ دروست کراوە. بە پەیژەیەکی چوار پایە هەردوو بەشەکەی بە یەکترەوە دەبەسترێتەوە، بەشی یەکەمی لە بەردەمی ژوورەکان بە کۆنکرێتی چیمەنتۆ فەرش کراوە، بەشی دووەم تەنیا گڵە بە دیوارێکی هەر چینراوی بەرد هەردوو بەشەکەی لێک جیا کراوەتەوە، ئەم دیوارە بۆ مەبەستی ڕێکخستنی لێژییەکە دروست کراوە.

**٣. پەیژە**

ئەم قوتابخانەیە دوو پەیژەی تێدایە، یەکیان لە دەرەوەی قوتابخانەکەیە، ئەوەی تریان کەوتووەتە نێوان هەردوو حەوشەکەی. هەردووکی زیادەڕۆیی کراوەتە سەری، لە چیمەنتۆ دروست کراوەتەوە. پەیژەی ژوورەوە لە (٤) پایە و پەیژەی دەرەوە لە (١٥) پایە پێک هاتووە.

**٤. کەوان**

بەکارهێنانی کەوانە و نیوکەوانی بازنەیی لە سەر دەرگا و پەنجەرە و دەلاقەی ناو دیوارەکان لە زۆربەی بیناسازییە شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لە هەرێمی کوردستان بەکار هاتووە، بۆ نموونە وەک خانووە کەلەپوورییەکانی قەڵای هەولێر (قادر، ٢٠٢٠، ٦٩). بەشی سەرەوەی دەرگا و پەنجەرەکانی ئەم قوتابخانەیە زۆربەی بە نیوکەوانەیی دروست کراوە. سەرەوەی دەرگای ژووری ژمارە (٤) کەوانەی تەواوە.

**٥. پەنجەرە**

یەکێکە لە ڕەگەزەکانی بیناسازی کە لە ناو دیواردا دادەنرێت، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەیاندنی ڕووناکی و گۆڕینی ئاووهەوا و ساردی و گەرمیی ناو ژوورەکان، لەگەڵ کەمکردنەوەی کێش بۆ سەر بناغەی دیوارەکان (مظلوم، ١٩٨٨، ٥). ئەم قوتابخانەیە (٢٠) پەنجەرەی تێدایە، شێوەکانیان لاکێشەییە، بەشی سەرەوەیان نیوکەوانەییە، لە دار و ئاسن و شووشە دروست کراوە.

**٦. دەرگا**

بیناکە بە شێوەی سەرەکی (١٤) دەرگای بە قەبارەی جیاواز تێدایە، دەرگای ژوورەکان پانی (١م) و بەرزییان (٢م)، جگە لە دەرگای ژووری ژمارە چوار پانییەکەی (١,٢٠م)، لە دوو لا دروست کراوە، لایەکی پانییەکەی (١م) و لایەکەی تری (٢٠سم). دەرگای سەرەکیی قوتابخانەکە بە تەواوی نازانرێت هۆی تێکدانی، بەڵام هەردوو کۆڵەکەی تەنیشت دەرگاکە ماوە، نێوانیان (٢م) دەبێت، بەمەش وا گومان دەکرێت دەرگایەکی دوولایی بووبێت، هەر لایەکی بە پانیی (١م) و بەرزیی (٢م).

**٥. کەرەستەی بیناسازی**

کەرەستە سەرەکییەکانی دروستکردنی بینا لە شاری زاخۆ لە کۆندا بریتی بووە لە بەرد و گەچ و قسڵ و قوڕ و خۆڵ و دار و قامیش و ئاسن و شووشە، هەموو ئەم کەرەستانە خەڵکی ئاسایی و دەسەڵاتداران بەکاریان هێناوە لە بواری بیناسازی. ئەو کەرەستانە لە هەموو جۆرەکانی بیناسازیدا بەکارهێنانی بەردەوام بوو، بە تایبەتی لە سەردەمی عوسمانیدا چەندین بینا لەم کەرەستانە دروست کراون، هەندێکیان تا ئێستا ماون لە شارەکانی موسڵ و کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و کفری (قادر، ٢٠٢٠، ٧١). لەگەڵ بەدیارکەوتنی کەرەستەی نوێی سەردەم وەکوو بلۆک و چیمەنتۆ و کەرپووچی دروستکراوی کارگە، بەکارهێنانی کەرەستە کۆنەکان کەم بووەتەوە.
کەرەستەی بە کارهاتوو لە قوتابخانەی "ئەحداث" بریتییە لە بەردی سروشتیی کۆکراوە لە ڕووباری خابوور کە شێوەیەکی نارێکی هەیە، لەگەڵ گەچ و قسڵ دیوارەکانی لێ دروست کراوە (برویسر، ١٩٨١، ٣٨).

**١. گەچ**

کەرەستەیەکی گرنگە، لە بواری بیناسازیدا بەکار دەهێنرێت. ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشەسەندنی شارستانیەتدا هەبووە، لە کۆنەوە بۆ داپۆشینی دیوارەکان و ڕازاندنەوەی ماڵەکان بەکار هاتووە. چەندین تایبەتمەندیی باشی هەیە، لەوانە توانای لکاندنی بەهێز، ماددەیەکە زۆر ڕەق دەبێت،

هەروەهـا لـە ڕووی ئابوورییـەوە نرخەكـەی هەرزانـە و لـە بەكارهێنانیـدا ئاسـانە (غـربي و حسـن، ٢٠١٥، ٥٩١).
لـە چەنـد شـوێنێكی قوتابخانـەی "ئەحـداث" گـەچ بـە تێكـەڵاوی لەگـەڵ قسـڵ بـەكار هاتـووە وەكـوو قیمـە (هـاوەن) لـە دروسـتكردن و ڕووپۆشـكردنی دیـوار و لەگـەڵ بەسـتنەوەی كاریتـە دارەكان.

**٢. بەرد**

بـەرد كەرەسـتەیەكی سـەرەكییە، لـە دروسـتكردنی دیـوار و سـەردەرگا و پەیـژە و پەنجەرەكانـی ئـەم قوتابخانەیـە بـەكار هاتـووە. لـە دوو جـۆر بـەرد پێـك هاتـووە، خڕەبـەردی سروشـتی و بـەردی نیشـتوو. خڕەبـەرد لـە دروسـتكردنی دیـواردا بـەكار هاتـووە، بـە شـێوەیەكی نارێـك ڕووپـۆش كـراوە بـە گـەچ، بـەردی نیشتوو بـە شـێوەی لاكێشـەیی و چوارگۆشـەیی چـاك كـراوە لـە سـەر دەرگای ژووری ژمـارە (٤) و گۆشـەی دەرەوەی ژووری ژمـارە یـەك، لەگـەڵ چەنـد ڕیزێـكی لـە دیـواری دەرەوە بـەكار هاتـووە. هـۆكاری زیاتـر بەكارهێنانـی بـەرد لـە كوردسـتان لەچاو ناوچـەی دەشـتییەكانی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق دەگەڕێتـەوە بـۆ زۆریـی بـەرد لـە ناوچەكانـی باكـووری دۆڵـی ڕافیدەیـن لەگـەڵ بەهێـزی و ڕەقـی و خۆڕاگری و بەرگری بەرامبـەر گۆڕانكارییەكانـی كـەش و ئاووهـەوا، چونكـە بـەرد لـە چەنـد جـۆر مـاددەی كانزایـی و ناكانزایـی پێـك هاتـووە، بەیەكـەوە لـكاون و بـەردی لـێ دروسـت بـووە (قـادر، ٢٠١٦، ٥٢٥).

**٣. دار**

بـە شـێوەیەكی گشـتی كاریتـەی دار و ڕەیاڵـەی پارچـەدار لـە دروسـتكردنی سـەقف و سـەردەرگا و نـاو دیـوارەكانی ئـەم قوتابخانەیـە بـەكار هاتـووە، لەگـەڵ دروسـتكردنی دەرگا و پەنجـەرە. دار یەكێكـە لـە كەرەسـتە ئەندامییـەكان، ڕاستەخۆ كاریگەریـی سروشـتی لـە سـەرە بـە هـۆی پلـەی گەرمـی و ڕوونـاكی و ئاووهـەوا و بایۆلـۆژی، ئـەم كاریگەرییانـە دەبنـە هـۆی داخـوران و لەناوچـوونی كەرەسـتە دارییـەكانی بیناسـازی (لقمـة، ٢٠٠٥، ١٠٣).

**٤. ئاسن**

ئاسـن بـە چەنـد شـێوەیەكی جیـاواز بـەكار هاتـووە لـەم قوتابخانەیـەدا، وەكـوو بزمـار لـە دروسـتكردنی دەرگادا، لـە پەنجـەرەكان بـە شـێوەی تێكهەڵكێـش لەگـەڵ دار، لـە سـەقف وەكـوو شـێلمان بـە شـێوەی ئاسـۆیی بـە چەنـد ڕیزێـك پێـی دەوترێـت سـەقفی چـاتی لـە ژووری ژمـارە (١)، لـە ناوەڕاسـتی سـەقفی ژووری ژمـارە (٤) وەك ڕەیاڵەیـەكی گـەورە بـەكار هاتـووە. بـە هـۆی گەورەیـی ژوورەكـە، لـە جیاتیـی كاریتـەی دار كـە ئاسـن پێچەوانـەی دار توانـای هەڵگرتنـی زیاتـری بـاری هەیـە، كاریتـە دارەكانیـان بـە دوو ڕیـزی ئاسـۆیی لـە سـەر ڕەیاڵـە ئاسـنە گەورەكـە دانـاوە.

**٥. شووشە**

شووشـە لـە پەنجـەرەكانی ئـەم قوتابخانەیـەدا بـەكار هاتـووە، ڕۆڵێكـی گرنگـی هەیـە لـە ڕێگریكـردن لـە تێپەڕبوونـی ساردی و گەرمـا و شـێ و تەپوتـۆز و تـەم و بەفـر و بـاران لـە هەمـوو وەرزەكانـدا، بـە پێچەوانـەوە ماددەیەكـە ڕێگـە بـە تێپەڕبوونـی ڕووناكـی دەدات.

**٧. گڵ**

بەكارهێنـانی گڵ لـە سـەقفی قوتابخانەكـە بـە چینێـكی ئەسـتوور بـۆ پڕكردنـەوە و ڕاستكردنەوەی سـەری سـەقفی بیناكـە، لەگـەڵ ڕاسـتكردنەوەی لێژیـی حـەوشی بیناكـە. ئـەم سـوودوەرگرتنە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـیفەتە تایبەتییـەكانی گڵ، لـە بـەر بێهێزیـی لـكانی گەردیلـەكانی سـیفەتێكی نەرمـی پـێ بەخشـیوە و دەتوانرێـت بـە ئاسـانی بـەكار بهێنرێـت.

**٦. هۆكار و زیانەكانی بەر قوتابخانەی "ئەحداث" كەوتوون**

بـە هـۆی زۆر تەمـەنی بیناكـە كـە مێژووەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمە جیـاوازەكان، بـە تایبـەتی سـەردەمی فەرمانڕەوایەتیـی میرنشـینی بادینـان، بـە دیاریكـراوی لـە لایـەن مـیر عـەلی خـان لـە (١٢٠٥-١٢١٢ك)ی بەرامبـەر (١٧٩١-١٧٩٨ز)؛ كاری نۆژەنكردنـەوەی بـۆ ئەنجـام دراوە (رزفـاني، ٢٠١٦، ٤١).
ئـەو بەشـە كۆنـەی قوتابخانەكـە بەشـێك بـووە لـە قشـلە، بـە شـوێنەوار دادەنرێـت بـە پێـی یاسـای ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠٢١)، یاسـای بەڕێوەبـردن و پاراسـتنی شـوێنەوار و كەلەپـوور

لە هەرێمی کوردستان – عێراق، لە مادەی (١)، بڕگەی (٧) دا هاتووە هەر شتێک تەمەنی لە (٢٠٠) ساڵ زیاتر بێ بە شوێنەوار دادەنرێت، کەمتر بە کەلەپوور دادەنرێت. ئەو بەشەی تری کە دوای بوونی بە بینای قوتابخانە بۆی زیاد کراوە؛ بە کەلەپوور دادەنرێت، نزیکەی (٧٠) ساڵێکە بۆی زیاد کراوە.

لە دوای ساڵی (١٩٩١ز)، لە بەر نەبوونی هیچ دەسەڵاتێک و چاودێریی شوێنەواری بەسەر بیناکە و پشتگوێخستن و بەکارنەهێنانی لە لایەن دامودەزگایەکانی حکومەتەوە، زیانی زۆری پێ گەیشت.

بووە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتییانی ئاسایی. لە بەر نەبوونی ئاستی هۆشیاری و پاراستنی گرنگپێنەدانی بینا شوێنەواری و کەلەپوورییەکان لە لایەن ئەو هاوڵاتییانەی تێیدا دەژیان و سەیرنەکردنی وەک لایەنێکی شارستانی، زیانی زۆری پێ گەیشتووە.

دوای چۆڵکردنی لە هاوڵاتییان، تاکوو ئێستاش بە چۆڵکراوی ماوەتەوە، ئەوەش زیانی زیاتری بەر کەوتووە. ئەو هۆکارانە و چەندین هۆکاری تر بوونەتە هۆی تێکچوون و لەناوچوونی بەشێکی زۆری بیناکە کە بریتین لە:

**١. هۆکارە سروشتییەکان**

چەندین هۆکاری سروشتیی جیاواز کاریگەرییان لە سەر لەناوچوون و زیانپێگەیاندنی بیناکە هەبووە، وەک ڕەگەزەکانی کەش و ئاووهەوا. بریتییە لە هەوا، ئاو، شێ، پلەی گەرمی، بەفر، باران، لەگەڵ هۆکارە بایۆلۆجییەکان و کاریگەریی ژینگەی دەوروبەری بیناکە، بە هۆی هەڵکەوتەی قوتابخانەکە لە ناوەندی شار و ئەو بەشەی شار کە بە دوورگەی زاخۆ ناسراوە، بە ڕووباری خابوور دەورە دراوە، هەر لە کۆنەوە تەنها ڕێگا بۆ چوونە ئەو بەشەی شار بە هۆی پردی دەلال بوو (محمد و عبدالله، ٢٠١٧، ١٦٢).

شاری زاخۆ کەوتووەتە دەشتایی، پلەی گەرمیی ساڵانە لە نێوان (٥١-٢٠) پلەی سیلیزییە. ئەو ڕێژە بەرزەی پلەی گەرمی دەبێتە هۆی بەهەڵمبوونی ئاوی ڕووبارەکە لە وەرزی هاویندا، لە وەرزی زستاندا تێکڕای ڕێژەی بارانبارینی ساڵانە بە (٥٣١,٥ملم) دانراوە (طە، ٢٠٠٨، ٢٨). ڕێژەی زۆری بارانبارین و پلەی گەرمی دەبێتە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنی قەوزە و ڕووەکەکان لە سەر ڕووی کەرەستەکانی بیناسازی و بناغەکەی، بە هۆی کاریگەریی ئاووهەوا و کارلێکردنی لەگەڵ تیشکی ڕووناکی (طە، ٢٠٠٨، ٣٠).



وێنەی(٤) ڕووانی گژوگیا وچلکن بە دیوارەکان ناوژوورەکە- توێژەر

ئەو ڕێژە زۆرەی بارانبارین لە شارەکە، بووەتە هۆی نەمانی سەقفی بیناکە لە بەر نەبوونی چاودێریکردن، چونکە سەقفی بیناکە ساڵانە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبووە، بە تایبەتی بەشی سەرەوەی لە گڵ دروست کراوە و لە کاتی بارانبارینددا پێویستی بە پەستانەوە هەبووە.

قەوزە لە سەر بەشێکی زۆری دیواری بیناکە دروست بووە (وێنەی (٤)) و گەشەی کردووە بە هۆی ئاوی باران لەگەڵ ئەو ڕێژە شێیەی لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی؛ کرداری بەهەڵمبوون لە ڕووبارەکەوە دروست بووە، بووەتە هۆی کاریگەریی داخوران و لەناوچوونی و ڕووپۆشی دیوارەکانی کە بە گەچ دروست کراوە. ئەو زیانانە دروست بووە دوای نەمانی سەقفی ژوورەکان، چونکە سەقف پارێزەری پەیکەری بینایە.

هۆکارێکی تری بایۆلۆژی؛ زیندەوەرە وردەکانی وەک مێرووی سپی (مۆرانە) بە شێوەیەکی شاراوە گەشە دەکات لە ناو لاشەی دارەکان و دەبێتە هۆی بێهێزکردنی، بە هۆی خواردنی مادە ئەندامییەکانی وەک سلیلوز کە لە پێکهاتەی

دارەکاندا هەیە (الصبیحاوی و المعموری، ٢٠١٩، ٤٩٧). ئەم جۆرە مێرووە کاریگەریی نەرێنیی لە سەر دارەکانی ئەو قوتابخانەیە دروست کردووە، بە تەواوی بێهێزی کردووە یان بە تەواوی لەناوی بردووە.

هەروەها ئاو و شێ و تیشکی ڕووناکی پێکەوە کاریگەریی تەواویان لە سەر کەرەستەی دارەکان دروست کردووە، بوونەتە هۆی گۆڕینی ڕەنگی دارەکان بۆ قاوەیی تۆخ و خۆڵەمێشی. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەدا، بەشێکی زۆری دارەکان شی بوونەتەوە یان نەماون یان ئەوەندە بێهێز بوون بوونەتە هۆی دروستبوونی چەند درزێک لە دیوارەکانی بیناکەدا.

بە هۆی زۆریی بارانبارین و نەبوونی ڕێڕەوی ڕۆیشتنەدەرەوەی ئاوەکەی، بووەتە هۆی کۆبوونەوەی ئاو لە ناو ژوورەکان و حەوشەکەی، ئەوەش هۆکاری سەرەکیی دزەکردنی ئاوە بۆ ناو بناغەکەی و زیادبوونی ڕێژەی شێ



(٥) ڕووانی دار درەخت و گژوگیا لە ناو بیناییەکە - توێژەر

و بەرزبوونەوەی بە دیوارەکاندا، لە ئەنجامدا کاریگەریی لە سەر بێهێزکردنی ڕووپۆشە گەچەکە و بەشەکانی تری دیوارەکان کردووە، لەگەڵ پیسبوون و زیادبوونی ڕێژەی خوێ لە ناو کەرەستەی تردا.

زۆریی ڕێژەی ئاو و شێ بوونەتە هۆی ڕوان و گەشەکردنی ڕووەکە گەورەکان لە ناو حەوشە و ژوورەکان، ئەو ڕووەکە گەورانە کاریگەریی نەرێنییان دروست کردووە لە سەر بیناکە بە دوو هۆکار، یەکیان پەیدابوونی درزی گەورە لە بناغە و دیوارەکان، لەگەڵ ڕۆچوونی زەویی حەوشەکەی بە تایبەتی پەیژەی نێوان هەردوو بەشی حەوشەکەی.

هۆکاری دووەمی بریتییە لە پیسبوون و کۆبوونەوەی پاشماوەی هەڵوەرینی گەڵا و چڵی دارەکان لە ناو بیناکە، لە ئەنجامدا ئەو پاشماوە زۆرە ماددە ئەندامییەکانی شی بوونەتەوە و بە تێپەڕبوونی کات بوونەتە لایەنێکی یارمەتیدەر بۆ گەشەی ڕووەکە کورت و گەورەکان لە ناو ژوور و حەوشە و سەر دیوارەکانی (وێنەی (٥)).

یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکان، پیسبوونی ژینگەی سروشتی دەوروبەری بیناکەیە بە هۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی لە ناوەندی شار، کە تۆز و دووکەڵی ئۆتۆمبێل و مۆلیدەکان جگە لە ژاوەژاوی خەڵک، هەموو ئەوانە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگەکەی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و بەهەڵمبوونی زیاتری ئاوی ڕووبارەکە و تێکەڵبوونی بە تۆز و دووکەڵی ناو شارەکە و تێکەڵبوونی لەگەڵ ئاوی باران، لە ئەنجامدا ترشەباران دروست بووە و بووەتە هۆی پیسبوون و داخورانی بەشێکی زۆر لە کەرەستەکانی بیناکە لەگەڵ شیبوونەوە و بێهێزبوونی قیمەی نێوان بەردەکان.

هۆکارێکی تری؛ بەرزی و نزمیی پلەکانی گەرمییە لە چوار وەرزەکەی ساڵ، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر کشان و چوونەوەیەکی ماددە ڕەقەکان هەبووە، بە تایبەتی سەقفی ژووری ژمارە یەک شێلمانە، بە شێوەی چاتی دروست کراوە و بووەتە هۆی پەیدابوونی چەندین درز لە سەقفەکەیدا.

### ٢. هۆکارە مرۆییەکان

مرۆڤ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە تێکچوونی بەشێکی زۆری بیناکە، بە تایبەتی دوای ساڵی (١٩٩١ز) کراوە بە شوێنی نیشتەجێبوونی چەند خێزانێک.

ئەو خێزانانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر بیناکە دروست کردووە، بە پێی گونجانی خۆیان گۆڕانکارییان تێدا کردووە و بەکاریان هێناوە، ئەوەش زیانێکی زۆری بە هێڵکاریی بیناکە گەیاندووە و بەشێکی بیناکەیان بە تەواوی وێران کردووە، تەنیا بەشێک لە بناغەکەی لە ژێر زەویدا دۆزراوەتەوە وەک ژوورەکانی (٩، ١٠).

چەندین گۆڕانکاری و زیانی دیکەش بە بەشە جیاوازەکانی بیناکە کەوتووە، بە هۆیەوە بەشێک لە بیناکە یان ڕەگەزێکی وێران بووە، یان بە تەواوی لەناو چووە، بۆ نموونە ژووری ژمارە (٢)؛ دوو پەنجەرەی هەیە، بە سوودوەرگرتنی ژوورەکە و دابەشکردنی بۆ دوو ژوور و گۆڕینی یەک لە پەنجەرەکان بۆ دەرگای یەک لە ژوورەکان، ئەم گۆڕانە بە زیادەڕۆییەکی گەورە و کاریگەر دادەنرێت لە سەر هێلکاریی بیناکە. تێکدانی هەرسێ سەرئاوی بیناکە، زیادکردنی بیرێک و سەرئاوێک لە ناوەڕاستی حەوشەکە بە کەرەستەی بلۆک و چیمەنتۆ. گۆڕین و دەستکاریکردنی چەند بەشێکی تری بیناکە و بەکارهێنانی کەرەستەی نوێی سەردەم وەک بلۆک و چیمەنتۆ لە نێوان ژوورەکان و کردنی بە دوو ژوور لەگەڵ گرتنی پەنجەرەکان.

ئەم هۆکارە دەگەڕێتە بۆ نەبوونی ئاستی ڕۆشنبیریی بەشێک لەو کەسانەی کە مامەڵە لەگەڵ بینای شوێنەوار و کەلەپووری دەکەن، نەبوونی زانیاریی گرنگ و دێرینی پاشخانەکانی ئەو بینایانە کە ڕەنگە ببێتە هۆی ڕووخاندن و لەناوچوونی هەندێک لەو بینایانە بۆ مەبەستی بازرگانی یان هەر مەبەستێکی تر. لە جیاتیی ئەو بینایانە، بینای نوێی سەردەم دروست بکەن (الشربینی و محمود، ٢٠١٠، ١٥٧).

دروستکردنی (٢) ژووری نوێ لە ناوەڕاستی حەوشەکە بە بلۆک، سەقفەکەی بە چینکۆ داپۆشراوە، شێوەیەکی چوارگۆشەی هەبوو، ڕووبەری هەر ژوورێک (٢,٥م) و (٢,٥م) بە بەرزیی (٢م)، ئەوەش شێوەیەکی ناشارستانیی بەخشیبوو بە بیناکە و ڕەسەنایەتییەکەی خۆی لەدەست دابوو، چونکە بیناکە لە بەردی سروشتی و گەچ دروست کراوە (وێنەی (٥)).

ڕووخاندنی پەیژە و دەرگای سەرەکیی قوتابخانەکە کە کەوتبووە باکووری ڕۆژئاوای بیناکە، پەیژەکەی لە بەرد و گەچ دروست کرابوو و لە دەرەوەی حەوشەی قوتابخانەکە بوو، بەڵام ژمارە و ڕووبەری پایەکانی نازانرێت چەند بووە، ئەم کارە لە لایەن شارەوانییەوە ئەنجام دراوە دوای دەرکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوەی نوێی وەک ئۆتۆمبێل، بە مەبەستی فراوانکردن و قیرتاوکردنی شەقامی بەردەمی قوتابخانەکە. گواستنەوەی شوێنی پەیژەکە بۆ باشووری ڕۆژئاوای بیناکە و دروستکردنی لە چیمەنتۆ، ئەوەش بە زیادەڕۆیی دادەنرێت و کاریگەریی گەورەی لە سەر هێڵکاریی بیناکە دروست کردووە و سیمایەکی نەگونجاوی هەیە لەگەڵ کەرەستە ڕەسەنەکەی.

پێشتر دەرگای سەرەکیی قوتابخانەکە پانییەکەی (٢م) و بەرزییەکەی (٢م) بووە، لە دار دروست کرابوو و لە دوو لا پێک هاتبوو و هەر لایەکی پانییەکەی (١م) و بەرزییەکەی (٢م) بوو، ئێستا بچووک کراوەتەوە بۆ یەک دەرگا، بەرزییەکەی (٢م) و پانییەکەی (١م) و دروستکردنی لە کەرەستەی ئاسن، ژێرەوەی پەیژەکە کراوە بە کۆگای کەلوپەل لە لایەن دووکاندارەکانی نزیک قوتابخانەکە.

ئەو گۆڕانکارییانە بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت لەگەڵ جاڕنامەی ڤینیسیا بۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنی بینا شوێنەوارییەکان. ساڵی (١٩٦٤ز)، لە مادەی (٧)دا هاتووە: "شوێنێکی شوێنەواری بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژوو گەواهی (شایەتحاڵی) ئەوە بۆ دەدات، هەروەها ئەو شوێنەی کە تێیدا دروست کراوە. گواستنەوەی سایتێکی شوێنەواری یان بەشێکی ڕێگاپێنەدراوە، تەنیا لە کاتێک داواکراو لەبەر بەرژەوەندیی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی بکات".

بەکارهێنانی کەرەستەی "pvc"، کەرەستەیەکی پلاستیکیی سەردەمە، لە دەرگای ژووری ژمارە (١)، بەرزی (٢م)، پانی (١م)، سیمایەکی تازەی بەخشیوە و لەگەڵ کەرەستە ڕەسەنەکە نەگونجاوە، دەرگا ڕەسەنەکەی خۆی لە دار و ئاسن دروست کرابوو، ئاسن وەک بزمار لە دروستکردنی دەرگاکەدا بەکار هاتبوو.

یەکێکی تر لە زیادەڕۆییەکان بریتییە لە داخستنی پەنجەرەکانی ژووری (٦) بە کەرەستەی کەرپووچ کە یەکێکە لە کەرەستە کۆنەکان، مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە لە بەکارهێنان لە بواری بیناسازیدا، بەڵام لەگەڵ کەرەستە ڕەسەنەکەی خۆی نەدەگونجا، سیمایەکی ناڕێکی دروست کردبوو لە ناوەوە و دەرەوەی ژوورەکە.

**٧. نۆژەنکردنەوە و پاراستنی**

ئێستا بیناکە لە دۆخێکی باشدا نییە، هەر چەندە لە ساڵی (٢٠٢٠ز) لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری زاخۆ، بە چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپووری حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجام دراوە لە سەر بودجەی سەرۆکایەتیی شارەوانیی زاخۆ بە چەند قۆناغێک.

بەڵام تەنها قۆناغی یەکەم جێبەجێ کرا، ئەمەش بریتی بوو لە پاککردنەوەی بیناکە و بەهێزکردنی بەشێک لە دیوارەکان و دۆزینەوەی بناغەکانی ئەو دوو ژوورە کە بە تەواوی وێران ببوون و تەنها بناغەکانیان لە ژێر زەویدا مابوونەوە، دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ دووبارە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەیان[٢].

قوتابخانەکە لە بەشێکی قشلەی کۆنی زاخۆ کراوەتەوە، واتە بیناکە کۆنترە لە ڕێکەوتی کردنەوەی قوتابخانەکە تێیدا. مێژووی دروستکردنی بیناکە بە ڕوونی دیار نییە چ سەردەمێ دروست کراوە، بە پێی بەڵگەکان بیناکە چەند جارێک نۆژەن کراوەتەوە لە سەر بینا کۆنەکەی پێشتری، بە تایبەتی لە سەردەمی میرنشینی بادینانەدا بنکەیەکی بەڕێوەبردنی میرنشینەکە بوو لە ساڵی (١٢٠٥-١٢١٢ک) (١٧٩١-١٧٩٨ز) (رزڤانی، ٢٠١٦، ٢٧٩).

لە دوای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١ز)، بۆ جارێکی تر بیناکە نۆژەن کراوەتەوە، بەڵام لایەنە هونەرییەکانی بیناکە لەناو براوە. پێش ئەم نۆژەنکردنەوەیە، بە نەخش و ڕازاوەی ڕووەکی و نووسینەکی و ئەندازەیی ڕازابووەوە، لە کاتی نۆژەنکردنەوەکەدا سەرجەمیان لا براون (برویسر، ١٩٨١، ٣٩). دوای گواستنەوەی قوتابخانەی "ئەحداث" بۆ قوتابخانەی "بۆتان"ی ئێستا، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە وەک ناوەندێکی کارگێڕیی حکومی لە زاخۆ بەکار هاتووە (رزڤانی، ٢٠١٦، ٢٩٧).

ڕۆژهەڵاتناس "کونراد برویسر" لە ساڵی (١٩١١ز) سەردانی شاری زاخۆی کردووە و لێکۆڵینەوەی لە سەر قشلە کردووە و شوێنەکەی دیاری کردووە. دەکەوێتە لای ڕاستی پردی دەلال. لەگەڵ کێشانی بەشێک لە هێڵکاریی بیناکە، لە دوو هۆڵی گەورە پێک هاتووە، لە بەرد و قسڵ و گەچ دروست کراوە. نەیتوانیوە هێڵکاریی بەشەکانی تری بیناکە بە تەواوی بکێشێ بە هۆی وێرانبوونەوە، هەمووی بەسەر یەکدا کەوتوون، نەزانراوە شێوەکەی چۆن بووە. بە بۆچوونی، بیناکە چەند جارێ نۆژەن کراوەتەوە لە سەر بینا کۆنەکەی پێشتری، مێژووەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکان (برویسر، ١٩٨١، ٣٨).

لە باکووری ڕۆژئاوای قوتابخانەکەدا ڕێکەوتی ساڵی (١٩٥٤/٣/٢٥ز)ی هەیە و لە سەر گەچ نووسراوە. ئەم جۆرە نووسینە لە لایەن هەندێک لە کرێکارەکانەوە لە کاتی کار وەک یادگاری و بەڵگەیەک دەنووسرێت کە هێشتا گەچەکە تەڕە و وشک نەبووەتەوە. ئەو ڕێکەوتەی لە سەر دیوارەکە تۆمار کراوە، ڕۆژی کارکردنیان لە بیناکە نیشان دەدات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەم ڕێکەوتەدا بیناکە نۆژەن کراوەتەوە.

لە پەرتووکی "زاخۆالماضی والحاضر"ی مامۆستا سەعید رزڤانیدا هاتووە، لەم ڕێکەوتەدا قوتابخانەکە فراوان کراوە و نۆژەن کراوەتەوە، ژووری ژمارە (١)ی بۆ زیادە کراوە بە هۆی زۆربوونی ڕێژەی قوتابییەکان. لە ساڵی (١٩٦٣ز) دا بینای قوتابخانەکە چۆڵ کراوە و گوازراوەتەوە بۆ قوتابخانەی عەباسیە کە دەکاتە قوتابخانەی بۆتانی ئێستا (رزڤانی، ٢٠١٦، ٢٩). ئەوە پشتڕاستی ئەو ڕێکەوتە دەکاتەوە کە لە سەر دیوارەکە نووسراوە. ئەو ژوورە جیاواز لە ڕووی ڕووبەرەوە لە ژوورەکانی تری، سەقفەکەی بە شێوەی چاتی دروست کراوە و پانیی دیوارەکەی (٥٠سم)ە، سەردەرگا و پەنجەرەکەی بە ڕێکی دروست کراوە جیاواز لە سەردەرگا و پەنجەرەی ژوورەکانی تر. فەرشی ناو ژوورەکان سەرجەمیان چیمەنتۆ کراون.

لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپووردا هاتووە، دوایین جار کاری نۆژەنکردنەوە بە شێوەیەکی زانستی لە ساڵی (٢٠٢٠ز)دا بووە. بڕیاری نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی "ئەحداث" دراوە، تەنیا قوتابخانەکە نەک بەشەکانی تری قشلەکە. کارێکی هاوبەش بووە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری

---

٢. بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور، دۆسیەی قوتابخانەی "ئەحداث" و قشلەی زاخۆ

زاخـۆ و سـەرۆکایەتیی شـارەوانیی زاخـۆ، بـە سەرپەرشـتی و چاودێریـی زانسـتیی بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی شـوێنەوار، ئـەم کارەش بــە چەنــد قۆناغێــک جێبەجــێ بکرێــت:

**قۆناغــی یەکــەم:** بریتــی بــوو لــە ئەرشــیف و دیکۆمێنــت و لێکۆڵینــەوە و کۆکردنــەوەی زانیــاری و خاوێنکردنــەوەی بیناکــە لــەو ڕووەک و دارانــەی تێیــدا ڕواوە و لابــردنی ئــەو پاشــماوەی خــۆڵ و خاشــاک و پیســییەی تێیــدا کــۆ بووەتــەوە، لەگــەڵ لابــردنی ئــەو زیادەڕۆییانــەی کرابــووە ســەری وەک کەرەســتەی بیناســازیی نــوێ، هەروەهــا بەهێزکــردنی دیــوارەکان و ئــەو بەشــانەی لەناوچــوون و دروســتکردنەوەی ژوورەکانی ژمــارە (٩-١٠) لەگــەڵ دروســتکردنەوەی هــەر (٣) ســەرئاوی قوتابخانەکــە لــە شــوێنی خــۆی. ئــەم قۆناغــە بــە تــەواوەتی جێبەجــێ نەکــراوە، تەنیــا زیادەڕۆییــەکان لابــراون، لەگــەڵ بەهێزکــردنی



(٥) ڕووانی دار درەخت و گژوگیا لە ناو بینابیەکە - توێژەر

دیــوارەکانی ژووری ژمــارە (٣، ٤، ٥، ٧، ٨). بــە هــۆی کەمیــی بودجــە، نەتوانــرا ئــەم قۆناغــە بــە تــەواوی جێبەجــێ بکــرێ (وێنــەی (٦)).

**قۆناغــی دووەم:** بریتییــە لــە دروســتکردنەوەی ســەقف و ســتارەی بیناکــە و ڕووپۆشــکردنی بیناکــە بــە تــەواوی بــە گــەچ و ڕێکخســتنەوەی فــەرشی هــەردوو بــەشی حەوشــەکەی و نۆژەنکردنــەوەی پەیــژەی نێــوان هــەردوو بــەشی حەوشــەکە و دروســتکردنەوەی دیــواری حەوشــەکەی لــە ســەر هەمــان شــێوە ڕەســەنەکەی خــۆی بــە پشتبەســتن بــە وێنــە کۆنــەکان. دروســتکردنەوەی بۆریــی ئــاو و ئــاوەڕۆی بیناکــە کــە بــە تــەواوی نەمــاوە، بووەتــە هــۆی کۆبوونــەوەی ئــاوی بــاران لــە نــاو بیناکــە لەگــەڵ دانانی ڕوونــاکی بــۆ بیناکــە، بــەڵام لــە ســاڵی (٢٠٢٠ز)دا کاری نۆژەنکردنــەوەی ڕاوەســتاوە لــە بــەر خەرجنەکــردنی بودجــەی ســەرجەم قۆناغــەکان.

**قۆناغـی سـێیەم:** بریتییـە لـە چاودێریکـردن و بەکارهێنانـەوەی بیناکـە لـە ئەگـەری دروسـتبوونی هـەر هۆکارێـکی زیانگەیانـدن پێـی، کـردنی بـە مۆزەخانەیـەکی شارسـتانی یـان کەلەپـووری یـان پەروەردەیـی، ببێتـە شـوێنێکی شـوێنەواریی گەشـتیاری بـۆ شـارەکە.

بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠٢٠ز)دا کاری نۆژەنکردنـەوەی ڕاوسـتاوە لەبـەر دابیننەکـردن و خەرجنەکـردنی بودجـەی سـەرجەم قۆناغـەکان.

ئێسـتا بیناکـە مەترسـیی دارمانـی لـە سـەرە بـە هـۆی خەرجنەکـردنی بودجـە، چونکـە بیناکـە بـە تـەواوی کراوەتـەوە، سـەقفی نییـە پارێزگاریـی لـێ بـکات، لەگـەڵ نەبـوونی ئـاوەڕۆ، لـە وەرزی زسـتاندا ئـاوی بـاران تێیـدا کـۆ دەبێتـەوە و دەبێتـە هـۆی زیانێـکی گـەورە بـۆی، ئەمـەش زیانێکـی زۆری مـاددی و شـوێنەواری و کەلەپـووری بـە بیناسـازیی شـارەکە دەگەیەنێـت، بۆیـە پێویسـتە بـە زووتریـن کات بودجـەی بـۆ خـەرج بکرێـت.

## سەرچاوە کوردییەکان


- بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی شـوێنەوار و کەلەپـوور، قوتابخانـەی "ئەحـداث"، ئەرشـیفی ٨-٧.
- بەڕێوەبەرایەتیی شـوێنەوار و کەلەپووری زاخـۆ، دۆسیەی قوتابخانەی "ئەحداث".
- سـەعید حاجی سـدیق ڕەزڤانی، چاوپێکەوتـن، ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/١٥، کاتژمێـر(١٠)، مامۆسـتای خانەنشـین، زاخۆ.
- یاسـای ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠١٢)، یاسـای بەڕێوەبـردن و پاراسـتنی شـوێنەوار و کەلەپـوور لـە هەرێمـی کوردسـتان - عێـراق.


## سەرچاوە عەرەبییەکان


- ابـن الاثـير، ابي الحسـن عـلى بـن ابي الكـرم محمـد بـن محمـد بـن عبدالكريـم بـن عبدالواحـد الشـيباني، الكامـل في التاريـخ، مـن سـنة ٣٠٩،حتى ٣٨٨ هجري، راجعـه وصححـه محمـد يوسـف الدقـاق، مجلـد ٧، دار الكتـب العلميـه، بـيروت، لوبنـان، ١٩٨٧.
- ئاميـدي، كاوه فريـق شـاولي، (٢٠٠٠)، امـاره باديـنان (١٧٠٠-١٨٤٢)، دراسـات سياسـية ثقافيـة اجتماعيـة، موسسـة موكريـاني للطباعـة والنشر، اربيـل.

- الباليسـانى، طـه الكـردى، رحلـة طـه الكـردى الباليسـانى في العـراق و بـلاد الشـام والأناضـول ومـصر و والحجـاز، تحقيـق دكتـور عـماد عبدالسلام رؤوف، طبع١، موسسة موكريانى للبحوث و النشر، مطبعة موسسـة اراس، اربيـل، ٢٠٠٧.

- البدليسي، الأمير شرف خان، (١٩٥٣)، شرفنـــامـــه، ترجمة: محمد جميل الملا أحمد الروزبياني، الطبعة الاول، مطبعة النجاح، بغداد.

- برويسر، كونرارد، (١٩٨١)، المبانى الأثرية في شمال بلاد الرافدين في العصور المسيحية القديمة والاسلامية، ترجمة علي يحيى منصور، دار الخلود، بغداد.

- بـك، محمد امين زكي، خلاصة تاريخ كورد و كوردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، ترجمة محمد على عونى، مطبعة السعادت، مصر، ١٩٣٦.

- حسـن، نـزار أيـوب، (٢٠١٧)، قضاء زاخو في التقسيمات الإدارية العثمانية (١٩١٨-١٨٤٢)، مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو، مجلد٥، عدد٤، ٢٠١٧.

- الرزڤانى، سعيد حاجى صديق(٢٠١٦)، زاخـۆ الماضى والحاضر، ط٢، دهوك.

- رؤوف، عماد عبدالسلام، (٢٠١٥)، تاريخ امراء بهدينان، بدون مكان طبع١، ٢٠١٥.

- الشربيني، عماد علي الدين و محمود، محمد فكري، (٢٠١٠)، تأثير العامل البشري على مشروعات الحفاظ دراسة مقارنة لمشروعي الحفاظ على هضبة الأهرام ومنطقة سرابيط الخادم بوسط سين، مجلة الاتحاد العام للآثاريين العرب، عدد (١١).

- صالح، وسام يوسف، (٢٠١٦)، التحليل المكاني للخدمات التعليمية في مدينة زاخو باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة دهوك، كلية العلوم الانسانية، قسم، الجغرافيا.

- الصبيحاوى، حيدر فرحان حسين و المعموري، وفاء رحيم، (٢٠١٩)، العوامل الطبيعية والبيئية المؤثرة في االمبانى الاثرية، مجلة دراسات في التاريخ والأثار، عدد٧١.

- طه، دلير عزيز، (٢٠٠٨)، مناخ محافظ دهوك (دراسة في الجغرافية المناخية)، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم جغرافيا، كلية اداب، جامعة صلاح الدين.

- العباسى، خضر، (١٩٧٨)، تاريخ بلدة زاخو والجسر العباسي، دار دجلة للطباعة والنشر، بغداد.

- عبوش، فرهاد حاجى، (٢٠٠٤)، المدينة الكوردية من القرن ٤-٧هـ، ١٠-١٣م، مطبعة وەزارة التربية، اربيل.

- غـربي، سـلام خميس وحسن، حاتم حمودى، (٢٠١٥)، الرواسب الجبسية في محافظة الانبار ومدى استغلالها في المجال الصناعى، مجلة الجامعة العراقية، عدد ٣٥-٢.

- فتـاح، مريـم عزيـز، (١٩٧٠)، تحليل العوامل التى رسمت الحدود العراقيه و التركية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية اداب.

- قـادر، عبدالله خورشيد، (٢٠١٦)، صيانة المبانى المشيدة بالحجر البيوت التراثيه في مدينة ئاكرى انموذجا، گۆڤارى ئەكاديمياى كوردى، ژماره ٣٦، هەولێر.

- قـادر، عبدالله خورشيد، (٢٠٢٠)، العناصر التكوينية للعمارة التراثية في شمالي العراق، مجلة الرافيدين، ج٢، مجلد٥، ٢٠٢٠.

- قـادر، عبدالله خورشيد وياسين، كوڤان احسان، (٢٠٢٠)، قبة شيخ على الهكارى في مدينة زاخو- دراسة اثرية ميدانية، مجلة دراسات في التاريخ والاثار، عدد ٧٦.

- لقمة، نادية، (٢٠٠٥)، علاج و ترميم مجموعة التمثال الخشبية التى عثر عليها بمصطبة (كاعبر)، مطابع المجلس الأعلى للأثار، مصر.

- المحارى، سليمان احمد، (٢٠١٧)، حفظ المباني التاريخية في مدينة المحرق، نشركتاب حكومة الشارقة، الإمارات العربية المتحدة.

- محان، محمد سياب، (٢٠٢٠)، السلالم في عمارة بلاد الرافدين - دراسات تحليلية في ضوء نتائج التنقيبات، مجلة كلية التربية جامعة واسط، عدد ٤١، ج٢.

- محمد، جهان هاشم و عبدالله، نشوان شكرى، (٢٠٢٠)، تطور العلاقة بين إستعمالات الأرض الحضرية والسكان في مدينة زاخو وفق المراحل المورفولوجية (١٩٤٧-٢٠١٧)، مجلة جامعة دهوك، مجلد ٢٣، عدد١.

- محمد، نيشتمان بشير، (٢٠٠٠)، الكرد والسلاجقة، أطروحة دكتوراه، غير منشورة، جامعة صلاح الدين، كلية الاداب، اربيل.

- مظلوم، تارق، (١٩٨٨)، نماذج من النوافذ والفتحات البنائية في العمارات العراقية، دورة المعالجات البيئية لتصميم المباني عند العرب، مركز احياء التراث العلمي العربي، جامعة بغداد .

- الموصلى، القسى سليمان صائغ، (١٩٢٣)، تاريخ الموصل، ج١، المطبعة، السلفية، مصر.

- النجار، جميل موسى، (٢٠٠٢)، التعليم في العراق في العهد العثمانى الأخير (١٨٦٩-١٩١٨)م، دار الشؤون الثقافية، بغداد.

- ميثاق البندقية لترميم وحفاظ المعالم والمواقع، ١٩٦٤.

- هـرورى، درويش يوسف حسن، (٢٠٠٥)، بلاد الهكاري (٩٤٥-١٣٣٦م)، دراسات سياسية حضارية، مطبعة وەزارة التربية، اربيل.

-Bell Gertrude, (1909), Archive-Zakho – Iraq, Newcastle University.

**ملخص**

تسلط هذه الدراسة الضوء على أهمية ودور العمارة في زاخو، ومن المعروف أن المباني الأثرية والثقافية للمدينة تحمل قيما فنية وجمالية وتاريخية وحضارية، قد تفتقر المباني الأثرية إلى النقوش أو الرسومات الزخرفية. ومع ذلك، فهي تمثل قيمة علمية وفكرية من الماضي، والهدف من ترميم المباني القديمة هو إبراز جمال وفن وتاريخ هذه الآثار، كما تمت الموافقة على حمايتهم بموجب القانون الذي أقره برلمان إقليم كردستان، تم التوقيع على العديد من الاتفاقيات الدولية بشأن ترميمها، مثل ميثاق فينيسيا ١٩٦٤، عملية الترميم كأحد الأعمال والتخصصات العلمية، وهذا يدل على أن ترميم المباني القديمة هو إجراء يتضمن مواد قديمة ذات عناصر فنية وجمالية. نحن بحاجة إلى فهم أسلوبها وتخطيطها.

هذا البحث دورا مهما في مدينة زاخو التي تضم مجموعة متنوعة من البقايا المعمارية التي تحتاج حاليا إلى ترميمها وحفظها وتحليلها وتقديمها كموقع تراثي سياحي.

الكلمات المفتاحية: زاخو، مدرسة الحدث، البناء، الترميم، الحماية

## Abstract

History and remains of the oldest school in Zakho

Renovation and maintenance

This study sheds light on the importance and role of architecture in Zakho, and it is known that the archaeological and cultural buildings of the city carry artistic, aesthetic, historical and cultural values. Archaeological buildings may not contain decorative inscriptions or drawings. But it represents a scientific and intellectual value from the past. The aim of restoring ancient buildings is to highlight the beauty, art and history of these antiquities, and their protection has also been approved by the law passed by the Parliament of the Kurdistan Region, Many international conventions have been signed on their restoration, such as the Pact of Venice 1966, the restoration process as one of the works and scientific disciplines, and these indicate that the restoration of ancient buildings are procedures related to old materials that contain artistic and aesthetic elements. We need to understand its style and layout.

This research plays an important role in the city of Zakho, which includes a variety of architectural remains that currently need to be restored, preserved, analyzed, and presented as a tourist heritage site

Keywords: Zakho, Event School, Construction, Renovation, Protection